بەڕێزان: ڕۆشنبیران و نووسەران وئاکادیمستان و ئازادیخوازان و کەسایەتییە سیاسییەکان

پارێزەران و مافناسانی کوردستان

ڕۆژنامە سەربەخۆ و سایتە کوردییە بێلایەنەکان

میدیای جۆراو جۆر و ڕاگەیاندنەکانی کوردستان و هەندەران

حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان

بابەت/  داوای هەڵوێست وەرگرتن لەسەر بێسەروشوێنکردنی د.کەمال سەیید قادر

ئێمە وەک ژووری کوردستان یونایتید لەپاڵتاکدا  کە ڕۆژانە هەزاران کەس دێنە ژوورەکەمانەوە ، نزیکەی چوار هەفتەیە  کەمپەین دەکەین بۆ ئازادکردنی دکتۆر کەمال سەیید قادر .  ئەم مەسەلەیە بۆئێمە ، لەگرنگیی کەسایەتی  د.کەمالەوە  نییە بەتەنها   ، ئەوەندەی ئێمە پەرۆشی ئازادیی و پاراستنی مافی مرۆڤین. تەنانەت لەگەڵ ئەو شێوازەی د.کەمالیشدا نین کە پێی نووسیوە، لەهەمان کاتیشدا ئێمە هیچ دوژمنایەتییەکمان لەگەڵ ماڵی  بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا نییە، بەپێچەوانەوە دەستخۆشیی لەهەموو کارە باشەکانیان دەکەین کە بۆ خزمەتی گەلی کورد کردوویانە، هاوکات سەرزەنشتی کارە خراپەکانیشیان دەکەین،لەوانەش بێسەروشوێنکردنی دکتۆر کەمال ،کە بەشێوازێکی ناشارستانیی و بە بێ بڕیاری دادگا لە زیندان توونـد کراوە .

لەم سۆنگەیەوە ئێمەش وەک ئەرکێکی مۆراڵیی و مرۆیی  ڕەخنە لەدەسەڵاتی سیاسیی کوردیی دەگرین و بەهەموو وردەکارییەکانی دیموکراتییەوە، لەژوورەکەی ئێمەدا قسەکەران ئازادن لەدەربڕینی ڕای خۆیان و بیروبۆچوونی خۆیاندا دژ بەهەر لایەن و ڕێکخراوێکی سیاسیی بێت ، لێرەشەوە کە ڕەخنە لەو هەڵوێستەی پارتیی دیموکراتی کوردستان دەگرین و خوازیاری دەستبەجێ ئازادکردنی دکتۆر کەمالین، کەوتووینەتە بەر ناشیرینترین هەڕەشەو گوڕەشەی حیزبییەکان و بە ئاستێکی زۆر نزم و قسەی سووک، هێرش دەکەنە سەرمان و سووکایەتییمان  پێدەکەن  .

ئەوەی جێگەی خەمی ئێمەو زۆربەی ئازادیخوازانە ، ئەوەیە بەپێی پێویست لەناو کوردستاندا نووسەران ولایەنگرانی ئازادیی و هەموو ئەوانەی دژی گەندەڵیە سیاسیی و ئیدارییەکانی هەردوو ئیدارەی کوردیین ، نەهاتوونە دەنگ و ڕەخنەیان لەم بێسەروشوێنکردنەی د.کەمال نەگرتووە ، لەکاتێکدا دەبووایە بەپێی پرەنسیپەکانی دیموکراتیی و کۆمەڵگای سیڤیلیی ، د.کەمال لەڕێگەی دادگاوە ، بەپێی بڕیاری دادوەر ببرایەتە بەردەم دادگا و بە ئازادییش ببرایە ، هەتا تاوانەکانی ( بەپێی قسەی دەسەڵاتی سیاسیی )

بەسەردا ساغدەکرایەوە ، بەداخیشەوە ئەو یاسایەی لەکوردستاندا هەیە ،هەر یاساکانی بەعسی داگیرکارە کە کاری پێ دەکرێ.

ئەو تاوانانەی کەدراونەتە پاڵ دکتۆر کەمال لەلایەن ئیدارەی هەولێرەوە، گوایە دکتۆر کەمال سووکایەتی بەبەڕێز کاک مەسعوود کردووە، بوختانی بە هەندێ کەسایەتی ناو پارتیی دیموکراتی کوردستاندا کردووە، لەکاتێکدا ، دکتۆر کەمال خۆی بەپێی خۆی و بە ویستی خۆی لە وڵاتی نەمساوە گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر بۆ ئەوەی ئەو کێشانە لەڕێگەی دادگاوە چارەسەربکات و هەموو ئەو دۆکیومێنتانەی هەیەتی بە دادگای بدات و قسەکانی خۆی بەفاکت پشتڕاست بکاتەوە ،ئەم کێشەیە ، پێشتر لەساڵی 2003 دا ، خودی دکتۆر کەمال لەڕێی دادگاوە خوازیار بووە یەکلابکرێتەوە . بەداخەوە گوێی لێ نەگیراوەو بەهۆی خۆتێهەڵقورتانی هەندێ فایلڕەشی ناو ڕێزەکانی دەسەڵاتی کوردییەوە .

هاوکات، سەرەڕای ئەوەی بەناوی ژووری کوردستان یونایتیدەوە، دەست خۆشیی و سوپاس بۆ ئەو سەدان کەسانە دەنێرین کە واژۆیان کۆکردەوە بۆ ئازادکردنی دەستەبەجێی دکتۆر کەمال لەڕێگەی ماڵپەڕە کوردییەکانەوە، هەروەها هەڵوێستی زۆرێک لەماڵپەڕە کوردییەکان جگە لەسایتێک کە بەئاشکرا بووە بە بڵندگۆی دەسەڵاتی سیاسیی ! ، بەرز دەنرخێنین . وێرای دەیان ئاکادیمست و نووسەر و ڕۆشنبیر کە بەشێوازی جۆراوجۆر دەنگی نارەزایەتییان بەرزکردەوە بۆ ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ و دابینکردنی ئازادییە گشتییەکان و ئازادیی سیاسیی لەکوردستاندا و دەستبەجێ ئازادکردنی دکتۆر کەمال سەیید قادر، لە هەمان کاتیشدا هەڵوێستی ڕێکخراوە پیشەییەکان لەچەشنی ڕێکخراوی چاک و بزوتنەوەی ڕیفراندۆم لە کوردستان ( www.kurdistanreferendum.org ) و سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان و ئەو حیزب و لایەنە سیاسییانەی کە بەتووندی سەرکۆنەی ڕفاندنی ( دکتۆر کەمال ) یان کردووە بەتایبەت ( پارتی لیبراڵی کوردستان و پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ) بڵند دەنرخێنین . بەلام مەخابن ، زۆربەی ئەو نووسەر و لایەن و ڕێکخراوانە لەهەندەرانن ، یان ئازادن و کۆتوبەندی دەسەڵاتی سیاسیی لەگەردنیاندا نییە، بە ئەفسووسێکی زۆرەوە سەدان نووسەرو کەسایەتیی و ئازادیخواز ی ناو هەرێمی کوردستان کە دەبووایە بهاتنایەتە دەنگ ، تا ئێستا بێ دەنگییان هەڵبژاردووە .

ئەم بێ دەنگییەی نووسەران و ئاکادیمستان و یاساناسان و ئازادیخوازانی ناو کوردستان لەمەڕ بێسەروشوێنکردنی یاساناس و پسپۆر لە یاسای نێودەوڵەتی و مامۆستای زانکۆ و چالاک لەبوارەکانی مافی مرۆڤدا ، ترافیکی سەوزە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی ، بۆ هەرچی زێتر درێژەدان بەسەرکوتکردنی ڕەخنەی سیاسیی لە پەیکەری دەسەلات و درێژەدانە بەڕەوڕەوەی ئەو گەندەڵییە سیاسیی و ئیدارییەی سەراپای کۆمەڵگەی کوردیی گرتووەتەوە. ئێمە لەوە دەگەین کە هێشتا بەشێک لەو کەسایەتی و لایەنانەی دەبووایە

بهاتنایەتەدەنگ ، نارۆشنییان هەیە لەسەر مەسەلەکە ، بەلام ئەمە ناکاتە ئەوەی لەسەر نووسینی چەند لاپەڕەیەک یاساناسێک و ئاکادیمستێک، بێسەروشوێن بکرێت . نزیکەی چوار هەفتەیە زیندانیی کراوەو تا دوازدە ڕۆژ ، دەسەلاتی سیاسیی نکۆڵیی لە پێچانەوەی دەکرد و لەژێر گوشاری ڕەوەندی کوردیی لەهەندەراندا ، لەرادیۆی هاوپشتییەوە لە سوێدەوە نوێنەری حکومەتی هەرێم ( ئیدارەی هەولێر ) ئاشکرایکرد کە لای پارتیی دیموکراتی کوردستانە .

ئێمە بەناوی ژووری کوردستان یونایتیدەوە لە پاڵتۆکدا کە هەزاران کوردی پەڕیوەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمێریکا و ئوستراليا وئاسیا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ناوەوەی کوردستان لەهەر چوار پارچەی کوردستانەوە، ڕۆژانە دێنە ناو ژوورەکەوە ، بەڕێژەی زۆرینەیەکی ڕەها هەڵوێستیان لەسەر ئازادکردنی دکتۆر کەمال لەگەڵماندان ، ئێمەش داوای هەڵوێست لە نووسەران و ڕۆشبیران و یاساناسان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ دەکەین لەکوردستاندا بەگشتی و کوردستانی باشوور بەتایبەتیی، دەنگ هەڵبڕن لەدژی بێسەروشوێنکردنی د.کەمال سەیید قادر و بەشێوازی مۆدێرنی جۆراو جۆر، یەخەی دەسەلاتی سیاسیی بگرن ، گوشار بخەنە سەر دەسەلاتی سیاسیی بۆ ئازادکردنی دکتۆر کەمال و ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ و بەهاکانی ستراکتۆری دیموکراسییبوونی کۆمەڵگەی هاوچەرخ ، لای کەم گوشار بۆ دەسەلاتی سیاسیی بهێنرێ کە ڕێز لە وتەکەی خۆیان بگرن کە دەڵێ " نابێت لەکوردستان کەس لەیاسا بەرزتر بێت " . بێدەنگیی و خۆدزینەوە لەم مەسەلەیە ، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ خزمەتە بە هەژموونی ئەو شەپۆلە لەدەنگ خنکاندن و تۆقاندن کە دەسەلات شاگەشکە دەبێت پێی .

ئێستا سەرەرای ئەوەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیی و مافی مرۆڤی جیهانیی و میدل ئیست ئۆچ و گەورە سەرانی دنیا و چەندین ڕێکخراوی تری بواری مافی مرۆڤ لەسەرانسەری دنیادا ، لەکێشەی دکتۆر کەمال ئاگادارکراونەتەوە، هەندێکیشیان بۆ ئازادکردنی دکتۆر کەمال بەفەرمیی داوایان لە پارتیی کردووە کە هەنگاو هەڵبگرێ . جگە لەوەزارەتی دەرەوەی نەمسا کەبەڕاستەوخۆ و بەفەرمیی تێهەڵچووە لەم مەسەلەیەدا ، هاوکات هەریەک لەسەرۆک کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، لەلایەن سەرۆکایەتی وڵاتی نەمساوە لەم کێشە ئاگادارکراونەتەوەو داوای ئازادکردنی دەکەن لەهەنگاوی یەکەمدا و دواتریش لە دادگایەکی ئازادو دوور لەگوشاری سیاسیی و حیزبیی ،کێشەکە ببڕێنرێتەوە . بەلام بەداخەوە ، درێژەدان بەم پێشێلکارییانە هەموو پروپاگەندە سیاسییەکانی لەمەڕ ئازادیی ڕۆژنامەگەریی و ئازادی سیاسیی لەکوردستاندا دەهێنێتە ژێر پرسیارەوە .

ئەرکی رۆشنبیران و ئازادیخوازانی کوردە لە ناوەوەی کوردستان ، دڕ بە مەنگیی و بێدەنگیی بدەن کە پێشی بەقەڵەمەکانیان و هەڵوێستەکانیان گرتووە، ڕاستە لەکوردستاندا نان بەدەستی حیزبە ، ژیان بەدەستی حیزبە ، تەنانەت کەرامەتی مرۆڤیش بە پێوەری حیزب دەقەبڵێنرێ، بەلام جێگەی خۆیەتی

نەهێڵرێ دڵی تینووی دەسەڵاتی سیاسیی بۆ زمانبڕینی رەخنەگران ، ئاوبخواتەوە. رێگە نەدرێ ئەم بێ دەنگییی و خامۆشییەی ناوەوەی کوردستان ، دەسەڵاتداران و مۆنۆپۆلکەرانی کوردستان ، بۆ بەرژەوەندیی سیاسیی و ئابووریی خۆیان کەڵکی لێوەربگرن و دەسەڵاتەکانیان لەسەر پشتی گەلێکی بریندار بەکیمیاویی و ئەنفال ، تۆکمەتر بکەن و سەدان میلیۆن دۆلارەکانیان چەند قات تر بکەنەوە.

لەکاتێکدا دکتۆر کەمال لەسەر چەند رەخنەیەک لە دەسەڵات کە گوایە هێڵی سووری بەزاندووە بێسەروشوێن دەکرێ، کەچی شاعیری موهاتەرات و جوێن ، دەبێتە هاوسەنگەری تەحسین شاوەیس و لەگۆڕەکەشیدا سووکایەتیی بەمامە ریشە دەکات و بە پیاوکوژی لەقەڵەم دەدات و پێشمەرگە و بەهەتیوباز دەچووێنێ و یەک کتێب سووکایەتیی و جوێن دەنووسێت و لەبری پاسەپۆرت و ناسنامە بەکاری دەهێنێت لە ئیدارەی هەولێردا ، کەچی دەسەڵاتی کوردیی خەڵاتی زێڕینی دەداتێ و ئەو دادگا و داوایەش کە لەدژی کرابوو ، کرایە ژێر پێوە . ئەگەر یاساو دادپەروەریی هەبێت لەکوردستاندا ، بۆچیی شاعیری شاکاری جنێونامە ، کە سووکایەتی بە دەیان کەسایەتی کردووە ، نەک هەر دادگاکەی دەخرێتە ژێر پێوە ، بەڵکوو خەڵاتیش دەکرێ . هاوکات د.کەمالیش بێسەروشوێن دەکرێ و فایلڕەشەکان داوای لەسەر تۆمار دەکەن !.

ئێمە وەک ژووری کوردستان یونایتید ، لەگەڵ ئەوەدا نین کە هیچ نووسەرو رۆشنبیرێک لەسەر رەخنە دادگایی بکرێت ،بەلام ئەم دوو فاقییەی دەسەڵاتی سیاسیی بۆ خۆی سەنگی مەحەکی ئەو کەلێنەیە کە لەنێوان هەردوو ئیدارەکەدا هەیە لەلایەک و ، لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتیشدا لەلایەکی ترەوە . هەر لەم دەروازەیەوە ئێمە رەخنەی توندمان لە زۆر لایەنی سیاسیی گرتووە ،ئەگەر هەڕەشەشیان لێمان کردبێت ، بەنووسین نەهاتوونە وەلاممان بدەنەوە ، بەداخەوە لەسایتی فەرمیی حکومەتی هەولێردا لەژێر ئالای کوردستان و وێنەی بەڕێز "بارزانیی" دا بەشێوازی سەردەمی شەڕی ناوخۆ بەزمانی عەرەبیی #[1] بەوێزەمان کەوتوونە . بۆ خۆدزینەوەش لەم نووسینە ، ئیدارەی هەولێر ،بۆچاوبەستنی خەڵک ، دەڵێ ئەم نووسینە ڕای نووسەرەکەیەتی، ئایا لەهیچ شوێنێکی دنیادا هەیە ، لەسایتی حکومەتدا وتارێک بنووسرێ و روانگەی سیاسیی ئەو حکومەتە نەبێت؟!.

ئەم هەڵوێستەی دەسەڵاتی سیاسیی لەمەڕ بێسەروشوێنکردنی د.کەمال ، سیاسەتێکە بۆ تۆقاندن و ترساندنی هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێ لەمەدوا رەخنە لەدەسەڵات و گەندەڵییەکانی بگرن، لەکاتێکدا دەسەڵاتی سیاسیی دەبووایە پێی خۆش بووایە کەسەدان ئاکادیمست و رۆشنبیرانی هەندەران بگەڕێنەوە بۆ کوردستان بۆ خزمەتکردن و بنیاتنانەوەی کوردستان ، کەچیی بەهەڕەشەی بێسەروشوێنکردن ، دەیەوێ رێگە بگرێ لە میدیای سنووربەزێن و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی ئەمڕۆ و لەولاشەوە بەدادگاکانی بەعس

---

[1] http://web.krg.org/articles/article_detail.asp?ArticleNr=7346&LangNr=14&LNNr=35&RNNr=69%03

دادگاییمان بکات ، بۆ ئەوەی کەسی تر نەوێرێ توخنی هێڵە تابووەکان و کولتووره پیرۆزەکانی لۆژیکی خێڵ و هۆز بکەوێت.

لەکۆتاییدا ، وەک بەڕیوەبەرانی ژووری کوردستان یونایتیدو زۆرینەی رەهای بەشداربووانەوە ، داوای هەڵوێستی سیاسیی و مۆراڵیی لە هەموو نووسەران و رۆشنبیران و ئاکادیمستان و یاساناسان و سەرجەم ئازادیخوازان دەکەین، بێدەنگیی و خۆمەڵاسدان و خۆدزینەوە لە پرسی بێسەروشوێنکردنی د.کەمال بەهەر بیانوویەکەوە بێت ، زەنگێکی خۆشییە بۆ دەسەڵات ، زەنگێکی سامناکیشە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و سیڤیل ، کەمافی مرۆڤی تێدا پارێزراو بێت . ئەمرۆ نۆرەی د.کەمالە ، سبەی و دووسبەی نۆرەی هەموو ئەوانە دێت کە دەیانەوێت رەخنە لەدەسەڵات بگرن و بەگژ گەندەڵییەکانیدا بچنەوە. دەبێت دەسەڵاتدارانی کوردستانیش فێری ئەوە بن کە هیچ شتێک پیرۆز نییەو رەخنەش هەموو سنوورەکان دەبەزێنێ ،بەتایبەت ئەوانەی کە بەرژەوەندیی گەلی کوردییان پێوە بەندە.

لەگەڵ رێزو خۆشەویستی بەشداربووانی ژووری کوردستان یونایتیددا.

## <u>وێنەیەک بۆ</u>

1- رۆژنامەی هاوڵاتی
2- رۆژنامەی هەواڵ
3- رۆژنامەی ئاسۆ
4- رۆژنامەی رێگای کوردستان
5- رۆژنامەی ئاڵای ئازادی
6- رۆژنامەی جەماوەر
7- رۆژنامەی میدیا
8- سایتی دەنگەکان
9- سایتی کوردستانیان
10- سایتی کوردستانپۆست
11- سایتی چاک،
12- سایتی کوردیش میدیا

13- سایتی هەڵوێست

14- سایتی بروسکە

15- سایتی بۆپێشەوە

16- سایتی ریفراندۆم

هەروەها هەموو ئەو سایت و ڕۆژنامانەی کە هەڵوێستیان هەبووە لەمەڕ بێسەروشوێنکردنی د.کەمال سەیید قادردا و لەم کاتەدا ناوەکانیان بەبیرماندا نایەتەوە بەداوای لێبوردنەوە .

نێوەندی راگەیاندنی ژووری کوردستان یونایتید-پاڵتۆک
kurdistanunited@hotmail.com
21-11-2005